حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری
بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جهاز الإشراف و ضمان الجودة
مديرية الصحة والسلامة

ژمارە: ١٨١٤٤
ڕێکەوت: ٩ / ٨ / ٢٠٢٤ی زایینی
٧ / ٦ / ٢٧٢٤ی کوردی

سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک
ژمارە/ ٥٨٨٠
ڕێکەوت/ ١٧ / ٩ / ٢٠٢٤
وەرگرتە

دەرکردد

بۆ/ گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (حکومی / تایبەت) / نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ

ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕیە پزیشکیەکان/ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن

دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی/ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە

گشت کۆلێژ و پەیمانگە تایبەتەکان/ نوسینگەی بەڕێز ڕاگر

**ب/ ئامادەکاری بۆ سالی نوێ ی خوێندن (٢٠٢٤ - ٢٠٢٥)**

سڵاو و ڕێز ...

بەمەبەستی سەلامەتی و پاراستنی ( مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابی و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکان) پێویستە لە کاتی دەست پێکردنەوەی سالی نوێ ی خوێندن (٢٠٢٤ - ٢٠٢٥)، لە تەواوی زانکۆ و پەیمانگاکان کار بە جێبەجێکردنی هاوپێچمان مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی بکرێت، وە پێویستە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی سەرجەم زانکۆ و پەیمانگەکان، بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ئەو خاڵانەی لە هاوپێچدا هاتووە بکات و لە کۆتایی هەموو مانگێک بە ڕاپۆرتێک وەزارەتمان/ دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری / بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی لێ ئاگادار بکاتەوە. بۆ کاری پێویست.

لەگەڵ ڕێزدا ...

- هاوپێچ: مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی.

Areen
Students
هه‌ قوتابیان
بەشی ئامۆژی × تەندروستی و سلامەتی

**پ.ی.د. محمد حسین احمد**
**سەرۆکی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری**

**وێنەیەک بۆ:**

- نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆک/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی/ لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە.

Address - Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
www.gov.krd
عنوان- أربيل، طريق كركوك، شارع هادي جاوشلي
ژ. تەلەفون: ٠٧٥٠١٤٤٦٧٦٨ / ٠٧٧١٤٥٨٦٧٦٨
هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی -ناونیشان
Shkar.radha@mhe-krg.org

Scanned with CamScanner

## مەرجەكانی تەندروستی و سەلامەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

١.تەرخانكردنی یەكەم رۆژی كردنەوەی دەوامی زانكۆ و پەیمانگەكان بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشت مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابی و خوێندكاران بە مەبەستی تاك پارێزی و دواتر كۆمەڵگا پارێزی، وە ئاشناكردنی قوتابیان/ خوێندكاران بە گشت رێنمایی و مەرجەكانی تەندروستی و سەلامەتی.

٢.پێویستە پاك و خاوێنی باڵەخانەی زانكۆ بەسەرجەم كۆلێژ و بەش و تاقیگەكان و ژوورەكانی پەیوەندار بە مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان/خوێندكاران بپارێزرێت، هەروەها هەوڵبدرێت كە هەستی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە پاك و خاوێن راگرتن لە نێو مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان/خوێندكاران دروستبكرێت لە رێگەی ئاگاداركردنەوەیان و ئەنجامدانی سیمیناری تایبەت.

٣.پێویستە گشت مەرجەكانی تەندروستی سەلامەتی لە بەشەناوەخۆییەكان جێبەجێبكرێت، لە پاك راگرتنی بەشە ناوەخۆیەكان و بە پاك هێشتنەوەی سەرجەم كەل و پەلەكان و دابینكردنی ئاو و كارەبا و هەوای گەرم و سارد و پاسەوان و كامێرای چاودێری، وە چاودێری كردنی لایەنی سەلامەتی بەشە ناوەخۆییەكان لە سەلامەتی ( كارەبایات و بتڵی غاز ، ئاو و ئاوەڕۆ ... هتد) بۆ دوركەوتنەوە لە حاڵەتی لە ناكاو یاخود نەخوازراو و هەروەها دابینكردنی پەیڕەی سەلامەتی لە تەواوی بەشەناوەخۆییەكاندا، وە هەوڵ بدرێت كەمترین رێژەی قوتابی/ خوێندكار لە یەك ژوور هەبێت.

٤.هەموو ئەو سیستەمانەی بەمەبەستی گەرم كردنەوە و خواردن حازر كردن لە سەرجەم زانكۆ و پەیمانگە و دام و دەزگاكانی سەر بە وەزارەتمان و بەشەناوەخۆییەكان بەكاردێن دەبێت رێگە پێدانی بەرگری شارستانی هەبێت و مۆڵەتی دانانی هەبێت لە لایەن كۆمپانیاكان وێنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی بپارێزرێت تا لێژنەكانی وەزارەت سەردانیان دەكات.

٥.شوێنی عەمباركردنی نەوت و غاز پێویستە رۆژانە چاودێری بكرێت و بە هیچ شێوەیەك نەوت و غازی شل لەسەر زەوی تەڕدا نەبێت و پێویستە رۆژانە بە ئاو زەوییەكە بشۆردرێت و سیستەمە ئاگركوژێنەوە یاخود بەلایەنی كەمەوە بوتڵی ئاگركوژێنەوەی بۆ دابین بكرێت و پێویستە تەواوی شوێنەكە داخراو بێت و تیشكی خۆری راستەخۆی لێنەدات و دوور بێت لە هاتووچۆ.

٦.پێویستە ئەو باڵەخانانەی بۆ بەشەناوەخۆیی بەكرێ دەگیرێن لە شوێنێكی سەلامەت بێت و دوور بێت لە بەنزینخانە و ئەو شوێنانەی كە مەترسی ئاگركەوتنەوەیان هەیە.

٧.دابین كردنی سندوق فریاگوزاری سەرەتایی بە گشت پێداویستیەكانیەوە لە تەواوی باڵەخانەی زانكۆ و پەیمانگە و بەشەناوەخۆییەكاندا.

٨.دڵنیابوون لە سەلامەتی هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانەی كە بۆ گواستنەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان/خوێندكاران بەكاردەهێنرێن وەك (تایە، برێك، پشكنینی ساڵانە/هەزە...هتد) هەروەها ئەو كەسانەی كە مۆڵەتی شۆفێریان نیە نابێت بە هیچ شێوەیەك ئەو ئۆتۆمبێلانە لێبخورن.



Scanned with CamScanner

٩.هەڵگرتن و و دانانی مادده کیمیایەکان بە شێوەیەکی زانستی لە شوێنی تایبەت و دانانی لەسقی زانیاری لەسەر سەرجەم مادده کیمیایەکان، وە چاودێری کردنی ڕێنماییەکانی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێری تاقیگەیەکان و مادده کیمیاوی و بایۆلۆجی و تیشکدەرەکان و هەروەها لەناو بردنی پاشماوەکانیان بە شێوەیەکی زانستی.

١٠.خەزنکردن و کۆگاکردنی نەوت و بەنزین و غازی شل مادده کیمیاویە مەترسیدارەکان ( ئەوانی زوو گر دەگرن) بە ڕێژەیەکی زۆر لە تەواوی دام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتمان ڕێگا پێدراو نییە و قەدەغەیە، تا نەبێتە هۆی مەترسی بۆ گیانی سەر ئەو کەسانەی لەم شوێنەدا دەمینێنەوە.

١١.پێویستە کۆگاکردنی سوتەمەنی بە شێوەیەکی زانستی و لە شوێنێکی سەلامەت بێت، نابێت لەناو باڵەخانە و ئەو شوێنانە بێت کە مامۆستایان و فەرمانبەر و قوتابی/ خوێندکاران تێیدا نیشتەجێن.

١٢.بایەخ بە هەواگۆڕکێ بدرێت، تاوەکو ئاڵوگۆڕی هەوا لە ناو تاقیگە و هۆڵەکانی خوێندن هەبێت.

١٣.پێویستە ئەو کەسانەی لە چێشتخانە و کافتریا و چایخانەکان کار دەکەن پابەندی گشت ڕێنماییەکانی تەندروستی و سەلامەتی بن بە (لە دەست کردنی دەستکێش، جلی قۆڵ درێژ، لەسەر کردنی کڵاو ...هتد) وە دەبێت کارتی تەندروستیان هەبێت وە پێویستە بەشداری خولی فریاگوزاری سەرەتایی و ئاگر کوژێنەوە بکەن، هەروەها پێویستە لێژنەکانی تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی زانکۆ و پەیمانگەکان چاودێری تەواوی ئەو شوێنانە بکەن بۆ دڵنیا بوون لە تەندروست ئامادەکرنی خواردن و خواردنەوەکانیان و سەلامەتی شوێنی کۆگا کردنیان. وە دانانی هێما و هەڵواسینی تابلۆی پەیوەندار بە قەدەغەکردنی چوونە ژوورەوە بۆ ناو چێشتخانە و کافتریا و چایخانەکان، وە دڵنیا بونەوە لە شوێنی کرینی گۆشت و خواردنەکانیان و وە چاودێری کردنی ڕێکەوتی بەسەرچونیان.

١٤.پێویستە سەلامەتی کارمەندانی هونەری وەک (کارەباچی، باخەوان، پاکەرەوەکان...هتد) لە بەر چاوبگیرێت لە کاتی ئیشکردنیاندا بە دابین کردنی سەرجەم پێداویستیەکانی سەلامەتی وەک (کڵاو، پێڵاو، دەستکێش...هتد).

١٥.پێویستە بوتڵی ئاگر کوژێنەوە بۆ سەلامەتی مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان/خوێندکاران دابین بکرێت بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکان و ستانداردەکانی ئاگرکوژێنەوە و هەروەها پێویستە بە بەردەوامی پشکنین بۆ ڕێکەوتی بەسەرچونیان بکرێت.

١٦.پێویستە زۆر بە وردی بەدواداچون بکرێت بۆ هەمو ئەو سیستەمانەی بە مەبەستی گەرمکردنەوە و خواردن حازرکردن بەکاردێن وە لە سەلامەتیان دڵنیا ببنەوە.

١٧.نابێت بتڵی غازی شل لە چێشتخانە و کافتریا و کۆشکی زانکۆ و پەیمانگەکان و بەشەناوەخۆییەکان دابندرێت، پێویستە لە ڕێگای بۆری ببرێتە دەرەوە.

١٨.نابێت چاککردنەوەی (صيانە) سیستەمی غازی شل لە کاتی دەوامی فەرمی بێت.

١٩.پێویستە ئامێری ئاگادارکردنەوەی غاز کار بکات.



Scanned with CamScanner

٢٠.دابین کردنی مێزی مامۆستایان و پەردە و سەلەی خۆڵ و دانانی کیسی خۆڵ تیایاندا، هەروەها کورسیەکانی قوتابیان/ خوێندکاران چاک بکرێنەوە لەکاتی شکانیاندا.

٢١.دابین کردنی شوێنی ڕاگرتنی ئۆتومبێل و دانانی هێماکانی هاتووچۆ بۆ سەلامەتی مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان/ خوێندکاران.

٢٢.سەرجەم مامۆستایان و فەرمانبەران و بەش وکەسانی پەیوەندار لە زانکۆ و پەیمانگە و دەستەکان ئاگادار بکرێنەوە کە لە دوای تەواو بوونی کاتی کارکردن پێویستە سەرجەم ئامێرە کارەباییەکان بکوژێندرێنەوە.

٢٣.پێویستە بۆ گەرمکردنی هۆڵەکانی خوێندن و ژوورەکانی پەیوەندار بە ستافی مامۆستایان و کارگێڕی تەنها ئامێری سپلیت بەکاربهێندرێت.

٢٤.تواڵێت و مەخسەلەکان بە خاوێنی بهێڵدرێنەوە و هەموو ئامرازەکانی پاک کردنەوەیان بۆ دابین بکرێت لە( صابون سائيل، معقم، کلینکس و ...هتد)، وە دروستکردنی تۆمارێک بۆ ئەو کارگوزارانەی ئەرکیان پاک ڕاگرتنی مەخسل و دەست شۆرەکانە.

٢٥.پێویستە لە سەرجەم ژوور و هۆڵەکان و تاقیگەکان ئامێری ئاگادارکردنەوەی ئاگر کەوتنەوە دابینبکرێت.

٢٦.دابینکردنی پێداویستیەکانی سەلامەتی بۆ مامۆستایان و قوتابیان/ خوێندکاران لە سەرجەم تاقیگەکان وەک (سەدریە، دەستکێش، دەمامک، شاوەر، فیوم هوود، هەڵواسینی ڕێنمایی...هتد) وە کاتی ئیشکردن لە تاقیگەکان، دەبێت مامۆستایان و قوتابی و خوێندکاران پابەندی تەواوی ڕێکارەکانی خۆپارێزی بن.

٢٧.پێویستە نەخشەی زانیاری سەبارەت بە باڵەخانەکانی زانکۆ و پەیمانگە و دەستەکان لە هەموو ڕێڕەوەکان دابندرێت.

٢٨.دانانی کامێرای چاودێری بۆ سەلامەتی فەرمانبەران و قوتابیان/ خوێندکاران.

٢٩.هەڵواسینی هێمای (Exit) لە باڵەخانەکان بۆ دەرچوون لە کاتی ڕوودانی ڕووداوی لە ناکاو.

٣٠.پێویستە پەیژەی سەلامەتی لە ناو باڵەخانەکاندا دابین بکرێت و هەروەها ئەوانەی کە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە دەبێت نۆژەنبکرێنەوە.

٣١.جەخت بکرێتەوە لە سەلامەتی کێبڵی کارەبایی و ڕووپۆش کردنیان بە شێوەیەکی سەردەمیانە و چاک کردنەوەی سویچ پلاکەکان و هەر شتێک پەیوەندی هەبێت بە سەلامەتی کارەباوە.

٣٢.نوسینی ژمارەی هۆڵەکان - ناوی تاقیگەکان لەسەر دەرگای ئەو شوێنانە.

٣٣.گرنگی دان بە ڕووبەری سەوزایی و پاک ڕاگرتنی باخچەکان و دابین کردنی شوێنی پشودان بۆ قوتابیان/ خوێندکاران، وە لابردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دەبنە هۆی کەوتن وەک (سۆندەی ئاو، وایەری کارەبا).

٣٤.پێویستە ساڵانە بە شێوەی دەوری چەند خولێک بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان/خوێندکاران بکرێتەوە وەکو خولی (ئاگرکوژێنەوە، فریاگوزاری سەرەتایی، سەلامەتی بەکارهێنانی تاقیگەکان).

Scanned with CamScanner

٣٥.جەخت کردنەوە لە هەڵواسینی ژمارە تەلەفۆنەکانی باری لە ناکاو (ئاگرکوژێنەوە ، نەخۆشخانەی فریاکەوتن، پۆلیسی فریاکەوتن).

٣٦.دابین کردنی ئاوی پاک بۆ فەرمانبەران و قوتابی/خوێندکاران و خاوێنکردنەوەی بەردەوامی تانکیەکانی ئاو.

٣٧.دانانی تۆمارێک بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکان و ڕێگەگرتن لە دووبارە بوونەوەیان، تۆمار کردنی هەموو ئەو حاڵەتانەی کە پەیوەندیان بە تەندروستی و سەلامەتی باڵەخانە و فەرمانبەر و قوتابی/خوێندکارەوە هەیە.

٣٨.دروستکردنی تۆمارێک بۆ هەموو ئەو قوتابی و خوێندکارانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن و هەوڵ بدرێت کار ئاسانی تەواویان بۆ بکرێت لە ڕووی گەیشتن بە هۆڵەکانی تاقیکردنەوە و تاقیگەکان و لابردنی ئەو کۆسپانەی کە دەبنە هۆی زیان گەیاندن پێیان.

٣٩.پێویستە پێداچوونەوە بە لیژنە سەرەکی و لاوەکییەکانی تەندروستی و سەلامەتی لەسەرجەم کۆلێژ و پەیمانگەکان و دانانی ئەو کەسانەی کە بروایان بە پرۆسەی تەندروستی و سەلامەتی هەیە.

٤٠.پێویستە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی سەرجەم زانکۆ و پەیمانگەکان، بە دواداچون بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ئەو خاڵانەی سەرەوە بکات و لە کۆتایی هەموو مانگێک بە ڕاپۆرتێک وەزارەتمان/ دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری / بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و لێ ئاگادار بکاتەوە.

Scanned with CamScanner